گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گەشەی توانستە عەقڵیەکانی منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە لە ڕوانگەی تیوری عەقڵ

**فەرمان حەسەن**

بەشی دەروونزانی, فاکەڵتی ئاداب , زانکۆی سۆران، سۆران، کوردستان-عراق

farman.aula@soran.edu.iq

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٧/٤

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٨/١٠

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**

Mental development, Mental abilities, Theory of mind ,Preschool age, Mental process

**Doi**: 10.25212/lfu.qzj.8.2.12

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی داوە لەگەشەی توانستە عەقڵیەکانی منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە لە ڕوانگەی تیۆری عەقڵ بکۆڵێتەوە.ئامانج لە توێژینەوەکەدا بریتیە لە زانینی زانینی سروشتی گەشەی توانستەعەقڵیەکانی منداڵان و تیۆری عەقڵ لە ماوەی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانەدا. توێژینەوەکە

پشتی بە میتۆدی چۆنایەتی و شێوازی شیکاری ناوەڕۆک و بەراوردکاری بەستووە لە پێداچوونەوە بە چوار توێژینەوەی پەیوەندار بە گەشەی توانستەعەقڵیەکانی منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە لەڕوانگەی تیۆری عەقڵ. ئەنجامی توێژینەوەکە دەری خستووە کە توانستە عەقڵیەکان و تیۆری عەقڵ لە ماوەی پێش چوونە قوتابخانە بە سێ قۆناغ دەردەکەون، قۆناغی یەکەمیان لە (٠-٢)ساڵی و قۆناغی دووەمیان لە (٣-٥) ساڵی و قۆناغی سێیەمیشیان لە (٥-٦)ساڵی دەخایەنێت، لەهەر قۆناغێکیشدا گەشەی توانستەعەقڵیەکان پەرەسەندنێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ دەرکەوتنی تیۆری عەقڵ. دەرنجامی توێژینەوەکە ئاماژەی بە دەرکەوتنی توانستە عەقڵیەکان لە خوار تەمەنی ٦ ساڵی و ڕۆڵ و کاریگەری چوونە قوتابخانە لە هێنانەدی و بەرجەستەبوونی تیۆرەکەدا کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1.پێشەکی :

توانستە عەقڵیەکان، بە ماناگشتیەکەی بریتیە لە توانستەکانی تاک بۆ بڕیاردانی تایبەت بەخۆی لەسەر بابەت و ڕووداوەکانی دەوروبەری، بەڵام وەک چەمکێکی پەیوەندار بە پرۆسەگەلێکی عەقڵی مەعریفی پێناسەی جۆاروجۆری بۆ کراوە، بە جۆرێک هەر تیۆریستێکی بواری دەروونزانی لە ڕوانگەی تایبەتی خۆیو و ئاراستە دەروونیەکەیەوە پێناسەی کردووە. لە پێناسەکەی کورت و سادەدا بریتیە لە توانستی تاک لە وەڵامدانەوە بە هەڵوێستە جۆربەجۆرەکان، لە ڕوانگەی توێژەران وار (H.C.Warren) و بێنگهام (BIngham) توانستی عەقڵی پرۆسەیەکە چارەسەرکردنی کێشەو کارامەییە جولەییەکان دەگرێتەوە، بەڵام سێرڵ پێرت (Sirel Pert) پێی وایە پرۆسەیەکە پەیوەستە بە لایەنی کرداری و پراکتیکی تاک و ئامرازێکیشە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئاستی کرداری تاک هەڵبسەنگێنرێت و کردارەکانی پۆلێن بکرێت، هەرچی درێڤەر(J.Drever)ە هاوڕا نیە لەگەڵ ئەو بۆچونەدا، بەڵکو چەمکی توانستی عەقڵی لەڕووی واتاوە بە چەمکی داهێنان گرێ داوەو پێی وایە بریتیە لە لایەنی کرداری عەقڵی و جەستەیی کە لە پێش ڕاهێنان یان لە دوای ڕاهێناندا بەرهەم هاتووە، لە کاتێکدا هەندێ لە توێژەرانی تر چەمکی توانستی عەقڵیان بە جۆرێک پۆلین کردووە کە بۆ هەرکردەیەک لە مرۆڤدا توانستێکیان دیاری کردووە، بە بۆچوونی زۆرێک لە توێژەرانی بواری دەروونزانی چەمکی توانستی عەقڵی وەک پرۆسەو واتا تەنها پەیوەست نیە بە ئەدای عەقڵیەوە،بەڵکو پەیوەستە بە ئەداو جووڵەو کردەی جەستەییشەوە (مخن والشايب،٢٠١٥ ،لا.٤٨ -٤٩).

هەروەها چەندین پێناسەی تر لەڕوانگەی جیاجیاوە بۆ چەمکی توانستە عەقڵیەکان کراوە کە هەریەکەیان لە ڕویێکەوە بابەتەکەیان ناساندووە، ڤێرنۆن(P.E.Vernon) پیناسەی کردووە بەوەی بریتیە لە کۆمەڵێک ئەدای جیاواز کە بە پەیوەندیەکی بەرز بەیەکەوە گرێ دراون،بەڵام سیشۆر (Seashore)پێی وایە بریتیە لە پێوەرێک کە دەشێت لە ڕێگەیەوە پێوانەی ئاستی فێربوونی پێشبینیکراو بکرێت، هەرچی تیفن (Tifin)ە لە پێناسەکردنیدا ئاماژەی بە ئاستی زانیاری و کارامەیی تاک کردووە،بەو مانایە توانستە عەقڵیەکان کۆی ئەداو توانستە جیاجیاکانن کە پەیوەندیان بە هەر چالاکیەکەی عەقڵی و مەعریفیەوە هەیە کە تاک ئەنجامیان دەدات (مجموعة من المؤلفين،٢٠٠٥،لا.٢٤٧،٢٥٣).

زۆربەی توانا عەقڵی ودەروونیەکانی مرۆڤ بریتین لە توانستی لێکدانەوەی شتەکان و تێگەیشتن لە ڕەفتارو هەڵس وکەوتی کەسانی دەورووبەر بە گەڕانەوە بۆڕاو بۆچوون وحەزو ئارەزووەکان، بۆیە پەیوەندی نێوان ئەم توانستەو ئاست و قۆناغەکانی گەشەکردنی لای منداڵان بۆتە جێگای سەرنجی زانستخوازان و لەناویشیاندا توێژەرانی بواری دەروونزانی کە لە میانی لێکۆڵینەوەدا هەوڵیان داوە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک تیۆر کە گرنگترینیان تیۆری عەقڵە لە میکانیزمە دەروونیەکانی ڕاڤەکردنی ئەم توانستانەو سەرهەڵدانیان لە قۆناغ و تەمەنی دیاریکراودا بکۆڵنەوە (ابومغلي،٢٠١٢،لا١). تیۆری عەقڵ(Theory of Mind) بە شێوەیەکی گشتی گوزارشت لە توانستە مەعریفیەکانی مرۆڤ دەکات کە لە دۆخە هزریەکانی عەقڵ بۆ خود و کەسانی تر سەرچاوەیان گرتووە، بۆیە زانایانی دەروونزانی و زانستە مرۆییەکانی تر کە لە چەمکی تیۆری عەقڵیان کۆڵیوەتەوە چەندین ناوی جیا جیایان لێ ناوە، لەوانە دەروونزانی ناوەکی یان دەروونزانی ئیلهام و دەروونزانی جەماوەر وخوێندنەوەی هزرو بیرۆکەکان وچەندی ناوی تر، هەروەها بە چەندین زاراوەو زمان گوزارشتی لێوە کراوە،وەک پێشبینیەکان و دۆخە سۆزداریەکان و ئومێدو هیواکان (Goldman,2012,p.2).

تیۆری عەقڵ(Theory of mind) چەمکێکی تازەی ناو بواری دەروونزانیە، بۆ یەکەم جار لە لایەن هەدوو زانا پریماک و وۆدروف لە توێژینەوەیەکدا کە سەبارەت بە لێکۆلینەوە لە توانستە عەقڵیەکانی مەیموونی شامپازی و و پێشبینی کردن بە ڕوودانی ڕەفتاری ئەو گیانلەبەرە ئەنجامیان دابوو بەکارهاتووە، لە ڕوانگەی ئەم دوو تیۆریستە، تیۆری عەقڵ بریتیە لە بنچینەو بنەمای هوشیاری مرۆڤ کە یارمەتیدەرە بۆ هەڵێنجان و تێگەیشتن لە بیروبۆچوونی کەسانی ترو پێشبینی کردن بە ڕوودانی ڕەفتارەکانیان، هەر لەسەر ئەو بنامەیەش ناوی تیۆری عەقڵیان بەبەردا بڕیووە. ( Premack & Woodruff,1978,p.516)، بۆیە لە ناساندنێکی کورتدا تیۆرەکەیان پێناسەکردووە بەوەی بریتیە لە تێگەیشتن لە دۆخە عەقلیەکان (Doherty,2009,p.7).

هەروەها زۆرێك لە زانایانی بواری دەروونزانی گەشەو زانین لە گۆشەنیگای جیاجیاوە پێناسەی تیۆری عەقڵیان کردووە ، بۆ نموونە هاپێ(Happé) لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی تیۆری عەقڵ و خود(Theory of mind and the self) پێناسەی چەمکەکەی کردووە بەوەی بریتیە لە توانستی ڕۆژانەی تاکەکان لە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی باری هۆشی خۆیان و تاکەکانی دەوروبەریان، ئەو توانستانەش لە بنەڕەتدا دەرەنجام و بەرهەمی کارلێکی کومەڵایەتی ئاسایین لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا ( Happé

,2003,p.134). هەروەها لە ڕوانگەی لۆڤ(Love) تیۆری عەقڵ بریتیە لە توانستی تێگەیشتن لە دۆخەعەقڵیەکانی وەک بیروباوەڕەکان و هەڵچوونەکان و بنەماو بنچینە ناوەکیەکانی پشت ئامانج و ڕووداوەکان (Love,2007,p.7)، ئەو پێناسەیەش لەگەڵ پێناسەی ودبێرن (Woodburn) یەک دەگرێتەوە کە پێی وایە تیۆری عەقڵ بریتیە لە توانستی تێگەیستن لە دۆخەعەقڵیەکانی وەک بیروباوەڕو ئارەزووەکان و و بنەما ڕەفتاری و کرداریەکانی پشت ئەو دۆخە عەقڵیانە (Woodburn,2008,13).

تیۆری عەقڵ بە مانا گشتیەکەی گوزارشت لە پرۆسەیەك دەکات کە بەهۆیەوە مرۆڤ دۆخێک یان خەسلەتێك و تایبەتمەندیەک دەداتە پاڵ تاکەکانی تری دەورووبەری بە پشت بەستن بە هەڵس وکەوت و جووڵەو ڕەفتارەکانیان، بۆ ئەو مەبەستە تێبینی کردن و سەرنجدان وەک دووئامرازی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە دەورووبەر بەکار دەهێنێت، بۆ نموونە سەرنجدانی کەسێک لە کەسێکی تر کە چەترەکەی هەڵگرتووە دەشێت پێشبینی ئەوە بکرێت کەسی دووەم وا بیردەکاتەوە باران دەبارێت و حەز ناکات تەڕ بێت، لەو بارودۆخەدا کەسی یەکەم کە چاودێرە سوود لە چەتر وەردەگرێت بۆ لێکدانەوەی بیروبۆچوونی کەسی دووەم کە هەلگری چەترەکەیەو چەترەکە یارمەتی دەرە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی بیر بۆچوونەکانی کەسی دووەم، کەواتە ئامرازەکانی دەورووبەر پێویستن بۆ گەڵاڵەکردنی بیروبۆچوونەکانی مرۆڤ لەسەر لایەنی بەرامبەر، بێگومان هەر هەمان ئەو چەترە ڕەنگە لە شوێنێکی تر و لە ژینگەیەکی تری جیاواز مانایەکی تر ببەخشێ و بیرو بۆچوونی تر گەڵاڵە بکات( Élie,Guerry,Lacroix,Lucaud,Nestel,Picard-Limpens & Viéville,2010; Deleau,Guehenneuc,Le Sourn & Ricard,1999;Renouf,2009; Swettenham,1996).

کرۆکی تیۆری عەقڵ(Theory of mind)بریتیە لە توانستی تێگەیشتن لە ڕەفتار و هەڵس و کەوت و بیروباوەڕو حەزو ئارەزووی کەسانی تر، ڕیشەی ئەم توانستەش دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی منداڵی پێشوەختە، بۆ نموونە منداڵی ئاسایی لە پێش تەمەنی ٧ ساڵیەوە دەتوانێت زۆربەی ئاستەکان عەقڵ و بیرکردنەوەی کەسانی دەوروبەری بخوێنێتەوە،یان لە پێش ئەو تەمەنەدا ناتوانێت زۆر لەو یاریانە ئەنجام بدات کە گەورەکان و کەسانی لەخۆگەورەتر ئەنجامی دەدەن، بەڵام بە بینینی ئەنجامدانیان و دووبارە بینینەوەیان ئەویش فێری ئەنجامدانیان دەبێت و پێشبینی ئەوە دەکات دەتوانێت ئەنجامیان بدات، بەڵام منداڵی نائاسایی بەو پرۆسەیەدا تێ ناپەڕێت، بۆ نموونە منداڵانی تووشبوو بە عەقڵ

کوێری(Mind Blind)و دووچاربووانی ئۆتیسم(Autism) کە چەندین گرفتی عەقڵیان هەیە، گرنگترین ئەو گرفتانەش بریتین لە نەبوونی هەستکردن بە هەست و سۆزی کەسانی تر، بێ توانایی لە تێگەیشتن لە کەسانی دەورووبەر، گرفت لە پەیوەندی کردن بە کەسانی تر بە هۆی نەبوونی توانستی پێویست بۆ خوێندنەوەی ناخی کەسەکان و وەڵامدانەوەی دروست پێیانەوە، نەبوونی توانستی پێویست بۆ پێشبینی کردن بە ڕوودانی ڕەفتاری کەسانی دەورووبەر، بێ توانایی لە تێگەیشتن لە مانای قسەو گفتوگۆی کەسانی دەورووبەر و نەبوونی توانستی پێویست بۆ تێگەیشتن و بە هەڵە تێگەیشتن لە کەسانی تر، بێ توانایی لە تێگەیشتن لە هۆکارەکانی پشت ڕوودانی ڕەفتارو هەڵس و کەوتی کەسانی تر و نەبوونی توانستی پێویست بۆ گونجان و هاوڕێکی لە نێوان هەست و بیروڕاداو چەندین هۆکاری تر (رانیا،٢٠٢٠ ؛ علي،٢٠١١؛ هويدى،٢٠٠١ ؛ خطاب،١٠١٢؛ زهرة،٢٠١٩ ؛ الإمام & الجوالدة،٢٠١٠ ؛ زغيش،٢٠١٣).

به پێی ئەنجامی توێژینەوەکان، تیۆری عەقڵ لە ساڵی یەکەمی تەمەنی منالّدا دەردەکەوێت و گەشە دەکات تا دەگاتە ساڵی چوارەم و پێنجەمی تەمەن، لەو ماوەیەدا منداڵ فێری چەندین چەمکی جۆراوجۆر دەبێت کە پەیوەندیان بە گەشەکردنی تیۆری عەقڵەوە هەیە، سەرەتای گەشەکردنی ئەو توانستە مەعریفیەش لە ساڵی یەکەمدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی یەکەمی تەمەنی منداڵ بەجۆرێک لە دوای لەدایک بوونەوە بە چاوەکانی سەرنجی شتەکان دەدات و پەیوەندی بە دەوروبەریەوە دەکات، لە دوای لەدایک بوونەوە بە شێوەیەکی خۆڕسک مرۆڤ و شتەکان لە یەکتر جیادەکاتەوە، لە هەفتەی پێنجەمی تەمەندا دەتوانێت شێوەو دەنگی دایکی لە شێوەو دەنگی کەسانی تر جیا بکاتەوە، لە تەمەنی ٣ مانگەشدا یەکەم زەردەخەنە دەکات و خەندەلێوەکەشی نیشانەیە بۆ گەشەکردنی ئەو توانستە عەقڵی و مەعریفیە (Lundy,2000,p.16)، بەڵام کاتێک منداڵ پێ دەنێتە ساڵی دووەم دەتوانێت سەرنجی قسەو جووڵەو ڕەفتاری کەسانی دەورووبەری بدات و لە ڕێگەی جووڵەی جەستەو لەرەی دەنگ و ئاماژەکانی ڕوخساریەوە گرنگی بە پەرچەکردارەکانی بەرامبەر بە کەسانی گەورە بدات (Hale,2002,p.9). دواتر زمانی گەشە دەکات و لە ڕێگەی زمانەوە فێری زۆر چەمکی سادەی تر دەبێت، لە تەمەنی ٢٠ مانگەشدا دەتوانێت بە جووڵەو ئاماژە جەستەییەکانی گوزارشت لە ترس و توڕەبوون و پێداویستی و زۆرێک لەو شتانە بکات کە لێیان تێ دەگات، پێش ئەوەی پێ بنێتە ساڵی دووەمی تەمەنیش تا ڕادەیەک دەتوانێت بە قسە گوزارشت لە دۆخەناوەکیەکانی بکات(Lundy,2000,p.19). بەڵام لە نیوەی ساڵی دووەمدا چەند گۆڕانکاریەکی گرنگ لە هزری منداڵ ڕوودەدات بە تەنها لەسەر

بنەمای بڕوابوون بەشتەکان لە چواردەوری خۆی ناڕوانێت، بەڵکو خەیاڵ و ئەندێشە دەکات و بە دوای ئەڵتەرناتیڤ و جێگرەوە بۆ شتەکان و ڕوداوەکان دەگەڕێت کە لەهەڵویستی ناخوازراودا ڕوودەدەن(Astington, 2001,p.2).

تیۆری عەقل لەساڵی سێیەم و چوارەمی تەمەندا پەرەسەندنێکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێت، کاتێک منداڵ پی دەنێتە ساڵی سێیەم پرۆسەی دۆخەعەقڵیەکانی بەرامبەر خودو کەسانی تر گەشە دەکات و هەوڵ دەدات بەدوای هۆکاری ڕوودانی شتەکاندا بگەڕیت، لە هەمان کاتدا زمان بە شێوەیەکی جۆراوجۆر بۆ گوزارشت کردن لە دۆخە عەقڵیەکانی بەکار دەهێنێت ( Marschark et al., 2000, p.1067)، دواتر دەتوانێت جیاکاری لە نێوان هزرو بیرکرنەوەکانی ناو مێشکی و ئەو شتانەی کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا هەن یان ڕوودەدەن بکات و تا ئاستێکی باشتر و بەرزتر لە هەست و ویست و سۆزو هەڵچوونی کەسانی تر تێ بگات و شتە چاک و خراپەکان و هەڵەو ڕاستەکان لە یەکتر جیابکاتەوە (Astington,2001, p.3). بەڵام گۆڕانکاری گەورە لە تیۆری عەقڵ لەو کاتەدا ڕوو دەدات کە منداڵ پێ دەنێتە ساڵی چوارەم، لەو قۆناغەدا زۆرێک لە چەمکە پێ نەگەیشتووەکان لەعەقڵدا پێ دەگەن و شتە نارۆشنەکان لە هزری منداڵ ڕونتر دەبنەوەو باشتر دەتوانێت ڕەفتاری شیاو نەشیاو لە یەکتر جیا بکاتەوە (Doherty, 2009, p.39).

هەروەها دەرەنجامی هەندێ توێژینەوە ئاماژەیان بەوە کردووە کە کارامەییەکانی تیۆری عەقڵ لە سەرەتایی تەمەنی دوو ساڵی منداڵی پێشوەختەدا دەست پێ دەکات و بەدرێژایی ژیان بەردوام دەبێت، منداڵ لەو تەمەنەدا سەبارەت بەو دەورووبەرەی تیادا دەژیت توانای هەیە لە کۆمەڵێک شت تێ بگات،بۆ نموونە هەست دەکات ئەو شتانەی کە حەزیان لێ دەکات یان ڕقیانی لێ دەبێتەوە جیاوازن لەو شتانەی کە کەسانی تر پەسەندی دەکەن یان ڕەتی دەکەنەوە، یان کاتێک دوور لە کەسانی تر سەیری شتێک دەکات هەست دەکات تەنها ئەو شتەکە دەبینێت و کەسانی تر نایبینن، یا خود کاتێک لە ناخەوە بیر لە شتێک دەکاتەوە، یان خەیاڵی شتێک دەکات هەست دەکات کە کەسانی تر ئاگاداری ئەو خەیاڵ و بیرکردنەوەیەی نین( Gombert,Bernat & Roussey,2016; Chamboredon & Prévot,1973; Larzul,2010; Beaudoin,2017).

گرنگی تیۆری عەقڵ لە ژینگەی کۆمەڵایەتی منداڵ، لەوەدایە کە عەقڵ پێوەری سەرەکیە بۆ تێگەیشتن لە هەموو ئەو شتانەی کە چوار دەوری منداڵیان داوە، بە هۆیەوە منداڵ دەزانێت کەی و

لەکوێ ئامانج و ئارەزووەکانی لەگەڵ ئامانج و ئارەزووی کەسانی تر یەکانگیر یان دژەوەرن، بە هۆیەوە دەتوانێت لە ڕەفتار و هەڵس وکەوت و حەز و ئارەزووی کەسانی تر بگات و بزانێت چۆن مامەڵەیان لەتەکدا بکات و بڕیاریان بەسەردا بدات (Keskin, 2005,p.17). بەو مانایە تیۆری عەقڵ سیستمیکی عەقڵی واتادارە کۆمەڵێک توانستی عەقڵی مەعریفی لەخۆگرتووە کە بەهۆیانەوە منداڵ لە دۆخی عەقڵی و هزری خۆی و کەسانی دەورووبەری تێ دەگات و گەشەی کۆمەڵایەتی دەکات( Moor & Frue,1991; Hughes&Ensor,2007). بەڵام  ئایا میکانیزمی هێنانەدی ئەو توانستانە چیەو لە چ قۆناغێک تا قۆناغێکی دیکەی تەمەن منداڵ دەتوانێت توانستە عەقڵیەکانی بەدی بهێنێت؟، ئایا تایبەتمەندی و سروشتی هەر قۆناغێک لە قۆناغەکان چیە و توانستە عەقڵیەکان چۆن لەسەر تیۆری عەقڵ وەستاون؟..

ئامانجی لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە وەڵامدانەوە بەو پرسیارانەی سەرەوە، بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی داوە لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و بەراوردکاری لە نێوان چوار تویژینەوەی پەیوەندار بە گەشەی توانستە عەقڵیەکان ئەنجام بدات کە بە  دەوری یەک بابەتدا خولاونەتەوە کە بریتیە لە لێکۆڵینەوە لە گەشەی توانستە عەقڵیەکانی منداڵانی پێش چوونە قوتابخانە لە ڕوانگەی تیۆری عەقڵ، هەر چوار توێژینەوەکەش لە ساڵی ١٩٩٩ لە گۆڤاری (Enfance) بە زمانی فەرەنسی بڵاوکراونەتەوە.

## 2. میتۆد :

ئەم توێژینەوەیە بە بەکارهێنانی میتۆدی چۆنایەتی پشتی بە پێداچوونەوە بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی بەستووە کە لە بابەتی توانستە عەقڵیەکانی منداڵانیان لە ڕوانگەی تیۆری عەقڵ کۆڵیوەتەوە.

٢.١. چۆنیەتی دەستەبەرکردنی سەرچاوەکان

سەرچاوەکانی ئەم توێژینەوەیە بە گشتی بریتین لە کتێب و توێژینەوەی زانستی، بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانیش پشت بە هەندێ لە داتا بەیس و ماڵپەرەکانی وەک ( Elsevier, Researchgate, Google Scholar, Medlife, Mind equals blown, Marie claire, Fikrmag,Les echos,ts3a,Medicalnewstoday,) بەستراوەو لە ڕێگەیانەوە سەرچاوەی پێویستی بەدەست هاتوون، کۆی سەرچاوەکانیش بریتین لە ٧٠ سەرچاوە، بەڵام لە ناویاندا چوار توێژینەوە هەڵبژێردراون کە هەر چواریان پەیوەستن بە لێکۆڵینەوە لە توانستە عەقڵیەکانی منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕوانگەی تیۆری عەقڵ و بریتین لە( Poulin-Dubois,1999; Nadel,1999; Bouchand & Caron,1999;Flavell, O'Donnell & Melot,1999)، بڕوانە خشتەی ژمارە(١).

خشتەی ژمارە(١): ناوەڕۆکی چوار توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| توێژینەوە-ساڵ | نموونەی توێژینەوە | بواری لێکۆڵینەوە |
|---|---|---|
| دیان پولان دوبوا ١٩٩٩ | قۆناغی منداڵی پێشوەختەدا-لە دایک بوون تا تەمەنی ٢ ساڵ | بنچینەکانی تیۆری ئەقڵ لە نێوان ئەفسانەو ڕاستی |
| ژاکلین نادێل ١٩٩٩ | قۆناغی منداڵی پێشوەختەدا-تا تەمەنی ٥ ساڵ | پرسی مەرجە پێویستەکانی تیۆری عەقڵ |
| ژاک بوشاند & ژان کارۆن ١٩٩٩ | قۆناغی منداڵی پێشوەختەدا-٣ بۆ ٦ ساڵ | دروستبوونی پرۆسە عەقلّیەکان و سەرهەلدانی تیۆری عەقڵ |
| ژۆن فلاڤێل، ئان ئۆدۆنێل & ماغی مولو ١٩٩٩ | قۆناغی منداڵی پێشوەختەدا-٣ بۆ ٥ ساڵ | گەشەی زانینی دوورەسۆسەیی و ئەزموونی عەقلّی لە ڕوانگەی تیۆری عەقڵ |

٢.١.١. بنچینەکانی تیۆری عەقڵ

دیان پولان دوبوا (Poulin-Dubois,1999) لە توێژینەوەکەیدا بە ناونیشانی بنەماکانی تیۆریی عەقڵ لە سەرەتاکانی منداڵیدا: ئەفسانە و ڕاستی( Les précurseurs d'une théorie de l'esprit dans la première enfance : mythes et réalités) ئاماژەی بەوە کردووە کە منداڵ بچووکتر لە دوو ساڵە عەقڵی مرۆڤی نییە، بەڵکو حەزێك بۆ دەرخستنی هەڵسوکەوتی مرۆیی دەردەبڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا گریمانەی ئەوەی کردووە منداڵ لە پێش ساڵی دووەمی تەمەنیدا لەسەر بنەمای شارەزا بوون لە جووڵە و دەربڕینی دەم و چاوی مرۆڤەکان هەندێك پێشینەی تیۆری عەقڵ هێدی هێدی بەدەست دەهێنێت. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا گریمانەیەکی خستۆتەڕوو ناوەڕۆکەکەی بریتیە لەوەی حەز و سۆز و بەئاگایی هەموویان یەك دۆخی مێنتالیتیان لە عەقلّی منداڵی خواrووی ١٨ مانگیدا هەیە، بەڵام ئەزموون و تاقیکردنەوەکان ناتوانن بە شێوەیەکی گشتگیر جیهانی عەقڵ و کۆمەڵایەتی منداڵ زۆر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بچووك بكەنەوەو دیاری بكەن، بۆیە پێشنیاری كردووە مرۆڤ زۆر بە وریایی و شارەزاییەوە خۆی لە قەرەی باسكردنی ئەم بابەتەو لێكۆڵینەوە لە بابەتەكە بدات (Poulin-Dubois,1999).

٢.١.٢-پرسی مەرجە پێویستەكانی تیۆری عەقڵ

نادێل (Nadel,1999) لە توێژینەوەكەیدا بە ناونیشانی تیۆری عەقڵ : هەل ومەرجە پێویستەكانی (Théorie de l'esprit : la question des conditions nécessaires) جەختی لەسەر لێكۆڵینەوە لە توانستەعەقڵیەكان (Mental processes)ی منالان لەسەرەتاكانی ژیان و توانستە عەقڵیەكانی گیانلەبەرانی تر و دۆخی شڵەژانە دەروونیەكان و مەرجە پێویستەكانی تیۆری عەقڵ لە ڕوانگەی عەقڵگەراییەوە كردووە، مەبەست لە عەقڵگەرایی (Mentalization) توانستی وێناكردن و پێشبینی كردنی تاكە بۆ دركردن بە ڕەفتارو لێكدانەوەی هەڵسوكەوت و دۆخی عەقڵی كەسانی تر، گەیشتن بەم توانستەش پەیوەستە بە دوو مەرجی بوون یان نەبوونی تیۆری عەقڵ و نەبوونی زمان و بوونی بنچینەكانی عەقڵگەرایی (Psychomedia,2012). لە توێژینەوەكەیدا ئاماژەی بە دوو چەمكی گرنگ كردووە كە لە میانی بەردەوامی گەشەو پێگەی ڕۆڵی تیۆرییە زەمەنییەكان لەسەر بنەمای تاقیكردنەوە ڕەفتاریەكان لە گەیشتن بە عەقڵ دانراون و هەوڵی داوە بزانێت چۆن نەبوونی زمان و بوونی هەندێك لە پێشینەكانی عەقڵگەرایی بوون و نەبوونی تیۆرییەكی عەقڵ دەردەخات (Nadel,1999).

هەروەها تویژەر جەختی لە سەر ئاستەنگی سەلماندنی بوونی پێشینەی عەقڵگەرایی لای تازە لەدایك بووەكان كردووە، ئەم ئاستەنگیە بەشێوەیەكی سەرەكی لە دانانی سنوورێكی ڕوون لە نێوان ڕوونكردنەوەكانی تیۆری فێركاری و ئەو ڕوونكردنەوانەی لە تیۆری وەرگرتن و هەلێنجان وەرگیراون سەرچاوەی گرتووە، هەروەها هەموو ئەو تێبینیانەی لەسەر تاكەكان لە حالەتی نان خواردندا ئەنجام دراون جەختیان لە جیاوازی ئەو تایبەتمەندییانە كردۆتەوە كە لە ڕاپرسی باو و لاسایی كەرەوەدا نیشان دراون، بۆ نموونە كاردانەوەكانی منالێكی بچووك لەبەرامبەر سەرچاوەی خواردندا كە بەهۆی توانای دەرەنجام كردن و تێبینی كردنەوە ڕووی دەدات ئایا نیشانەیە بۆ بوونی تیۆری عەقل؟ یاخود بریتە لە ئەنجامی خۆگونجاندنی كۆمەڵایەتی؟ كە مانای ئەوە دەگەیەنێت كە كاردانەوەكە بەرهەمی فێربوونی ژینگەی كۆمەلایەتی بێت.

٢.١.٣. پرۆسە عەقڵیەكان

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بوشاند و کارۆن (Bouchand & Caron,1999) لە توێژینەوەکەیاندا بە ناونیشانی دروستبوونی پڕۆسە عەقڵیەکان و سەرهەلدانی تیۆری عەقڵ ( Production de verbes mentaux et acquisition d'une théorie de l'esprit élaborée) تاقیکردنەوەیان لە سەر کۆمەڵێك منداڵ لە نێوان تەمەنی ٣ تا ٦ ساڵ ئەنجامداوەو تیایدا جەختیان لەسەر توانستە عەقڵیەکانی منداڵان کردووە، بەتایبەت گەشە کردنی مۆدی بەکارهێنانی ئامێرە زمانەوانییەکان کە لە گەشەکردنی توانستی نواندنەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەنجامی توێژینەوەیەکە دەریخستووە  لە نێوان ٤-٥ ساڵیدا، گۆڕانکارییەکی ڕوون لە جۆری بەکارهێنانی پڕۆسە عەقڵییەکاندا ڕوودەدات کە لە بەکارهێنانێکی ڕەفتاری ئاساییەوە دەبێتە بەکارهێنانێکی مەبەستدار، لەو پێناوەدا ئاماژەیان بە دوو جۆر لە بەکارهێنانی پڕۆسەعەقڵیەکان کردووە، یەکەمیان بە بەکارهێنانی ڕەفتاری پڕۆسە عەقلییەکان جیا دەکرێتەوە، کە تەنها بریتیە لە تێبینی هەڵوێستە تێبینی کراوەکان لە لایەنی سێیەم، ئەم جۆرەیان زیاتر لای منداڵانی تەمەن ٣ بۆ ٤ ساڵ دەرکەوتووە، بەڵام دووەمیان ئەو پڕۆسە عەقڵیانە کۆدەکاتەوە کە بەکارهێنانی بە مەبەستیان هەیە، چونکە بەکارهێنانیان پەیوەستە بە بەدەستهێنانی تیۆرێکی عەقڵییەوە لەڕێگەی دەرکەوتنی توانای بەمەبەست و گوزارشتکاری و سەروو گوزارشتکاریەوە. لەوانەیە هۆکاری ئەم دەرکەوتنە خەڵەتاندنی بەمەبەست یان بیرکردنەوەی هەڵە بێت. لە توێژینەوەکەدا نموونەی تاقیکردنەوەیەکیان لەسەر منداڵانی تەمەنی (3-6) ساڵ خستۆتەڕوو تیایدا پێوانەی کارامەییەکانی منداڵانیان کردووە کە پەیوەستن بە لایەنی عەقڵیەوە کردووە، دەرەنجامەکەی ئەوەی خستۆتەڕوو کە لە تەمەنی سێ ساڵیەوە توانستە عەقڵیەکانی منداڵ دەردەکەوێت،بڕوانە خشتەی ژمارە(٢).

خشتەی ژمارە(٢):نموونەی توێژینەوە لە تێکستی سێیەمدا، بەدەستهێنانی تیۆری عەقڵ-نمرەکان بە پێی ئاستی تەمەن و پلە

| | پله | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٠ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
| ٣ ساڵ | ١ | ٢ | ٤ | | ١ | ١ | | | | | | | |
| ٤ ساڵ | ١ | ١ | ٢ | | | ٢ | | | | | | | ٢ |
| ٥ ساڵ | | | | | | | | | | | | | ١ |
| ٦ ساڵ | | | | | | | | | | | | | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | پله | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١٣ | ١٤ | ١٥ | ١٦ | ١٧ | ١٨ | ١٩ | ٢٠ | ٢١ | ٢٢ | ٢٣ | ٢٤ | |
| ٣ ساڵ | | | | | | | | | | | | | |
| ٤ ساڵ | | | | | | | | | | | | | |
| ٥ ساڵ | | ١ | | ٣ | ٢ | | | | ٢ | | | ١ | |
| ٦ ساڵ | | | | | ١ | | ١ | ١ | ١ | ١ | | ٣ | |

٢.١.٤. چەمکی زانینی دوورەسۆسەیی

فلاڤێل و ئۆدۆنێل و مێلۆت(Flavell, O'Donnell &Melot,1999) لە توێژینەوەکەیاندا بە ناونیشانی گەشەی زانینی دوورە سۆسەیی سەبارەت بە ئەزموونە عەقڵیەکان( Le développement de savoirs intuitifs à propos des expériences mentales) لە پەیوەندی نێوان توانستە عەقڵیەکان و وەرگرتنی تیۆری عەقڵیان لای منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە کۆڵیوەتەوە، لە توێژینەوەکەدا جەختیان لەسەر گەشەی توانستە عەقڵیەکانی منداڵان لە تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە کردووەو پێیان وایە سەرەتای گەشەی ئەو توانستانە لەو قۆناغەی تەمەنەوە دەست پێ دەکات و ژینگەو فێربوونیش کاریگەری زۆریان لەسەر وەرگرتنی توانستەکان لەو قۆناغەدا هەیە، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیان داوە بابەتی گەشەی توانستە عەقڵیەکان بە گەشەی هەندی لایەنی وەک کارامەیی و ئەزموونە عەقڵیەکان بە تایبەت وردبینی لە وەرگرتن و هەڵێنجانی زانینی دوورە سۆسەیی پەیوەندار بە ئەزموونەکان ببەستنەوە، هەروەها جەختیان لەسەر بەردەوامی گەشەی توانستە عەقڵیەکان تا کۆتایی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانەو بەردەوامی گەشەیان لە قۆناغەکانی دواتردا کردووە( Flavell, O'Donnell &Melot,1999).

٢.١.٥. خاڵە یەکتربڕەکانی چوار توێژینەوەکە

هەر چوار توێژینەوەکە جەختیان لەسەر لیکۆڵینەوە لە توانستە عەقڵی و ژیرییەکانی منداڵانی خوار تەمەنی شەش ساڵی و چونیەتی دەرکەوتن و گەشەکردن و گوزارشت کردن لە توانستە عەقڵیەکان لە لایەن منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە لە ژێر ڕوشنایی تیۆری عەقڵ کردووە، هەروەها کۆکن لەسەر ئەوەی منداڵان هەر لە سەرەتای تەمەنیاندا جۆرێك توانستی عەقڵیان هەیەو هەر چواریان جەختیان لەسەر بنەمای پێشینەی تیۆری عەقڵ لە قۆناغی منداڵی پێشوەختەدا کردووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خاڵی جیاوازی نێوان هەر چوار توێژینەوەکە پەیوەستە بە گەشەکردنی توانستە عەقڵیەکان لە ماوەی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانەو چۆنیەتی بەکار هێنان و گوزارشت کردن لە توانستانەکان ، دوو لە توێژینەوەکان جەختیان لەسەر پێشینەو بنەماکانی تیۆری عەقڵ وپرسی مەرجە پێویستەکانی پەیوەست بە دوو ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵی کردووە (Poulin-Dubois,1999; Nadel,1999)، واتا قۆناغی منداڵی پێش وەختە، بەڵام دوو توێژینەوەکەی تر جەختیان لەسەر بەرهەمهێنانی پرۆسەعەقڵیەکان و گەشەی زانینی ئاشکەو دوورەسۆسە لە قۆناغەکانی دواتردا لە نێوان تەمەنی ٣ بۆ ٦ ساڵی کردووە (Bouchand & Caron,1999; Flavell, O'Donnell &Melot,1999)، واتە دوا ساڵی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە. بڕوانە خشتەی ژمارە(٣).

خشتەی ژمارە(٣) خاڵی هاوبەش وجیاوازی نێوان چوار توێژینەوەکە دەخاتەڕوو

| | |
|---|---|
| خاڵی هاوبەش | هەر چوار توێژینەوەکە کۆکن لەسەر دەرکەوتنی توانستە عەقڵیەکانی منداڵانی تەمەن خوار شەش ساڵە،واتە تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە |
| خاڵی جیاواز | جیاوازن لەسەر دەرکەوتن و گەشەکردنی توانستە عەقڵیەکان لە قۆناغی منداڵی پێشوەختەدا ،واتە تەمەنی (1-5) ساڵی منداڵان |

٢.٢ شێوازی هەڵبژاردنی سەرچاوەو چۆنیەتی بەکارهێنانیان

لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرچاوەکاندا بە تایبەت چوار توێژینەوەکە  کە وەک سەرچاوەی سەرەکی پێداچوونەوەیان بۆ کراوە،پشت بە دوو بنەما بەستراوە: یەکەمیان بنەمای زانستی و مەرجە زانستیەکانی توێژینەوەی زانستیە کە هەر توێژینەوەیەک لە توێژینەوەکان لە خۆیانی گرتووە، دووەمیان بنەمای پەیوەندی توێژینەوەکان بە لێکۆڵینەوە لە توانستە عەقڵیەکان لە ڕوانگەی تیۆری عەقڵ و نزیکی توێژینەوەکان لە یەکتر بووە لە ڕووی ناوەڕۆک و میتۆد و نموونەی توێژینەوەو کەرەستەو ئامرازی تاقیکاری، جگە لەوە ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکان خستوویانەتەڕوو، ئەنجامی سەلمێنراو وپەسەند کراون و بە بەڵگەو داتای ئامارییەوە پشت ڕاست کراونەتەوە.

هەروەها بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکان و بەکارهێنانیان، توێژینەوەکە پشتی بە شێوازی شیکاری ناوەکی بەستووە، لە ئەنجامی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکان و ئەنجام و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەراوردکرنیان بە یەکتر، توێژینەوەیەکی تازە بەرهەم هاتووە کە تیایدا چەند ئەنجامی پوخت و تازە سەبارەت بە بابەتەکە خراوەتەڕوو، هەروەها لە بەکارهێنانی سەرچاوەو مامەڵەکردن لەگەڵ ناوەڕۆک و داتاو زانیاریەکانی ناو توێژینەوەکان و ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەشدا هەوڵی پابەند بوونی تەواو بە ئاکاری نووسین و بنەماکانی دەستپاکی ئەکادیمی دراوە.

## ٣. ئەنجام :

هەر چوار توێژینەوەکە بە دەوری لێکۆڵینەوە لە یەک بابەتدا خولاونەتەوە، ئەویش گەشەی توانستە عەقڵیەکانی منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانەیە لە ڕوانگەی تیۆری عەقڵ، نموونەی توێژینەوەی هەر چواریان بریتیە لە منداڵانی تەمەنی پش چوونە قوتابخانە، لە ڕووی میتۆد و بەکارهێنانی کەرەستەو ئامرازی تاقیکاریەوە، هەرچوار توێژینەوەکە پەیڕەویان لە میتۆدی تاقیکاری کردووەو پشتیان بە کۆمەڵێک کەرەستەو ئامرازی تاقیکاری بەستووە کە لەڕووی میتۆدی بەکارهێنراو و هەڵبژاردنی نموونەو و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نموونەی توێژینەوەو بەکارهێنانی کەرستەو ئامرازی ئاماری و شیکردنەوەو خستنەڕووی داتاکان تا ڕادەیەکی زۆر لێکچوون و هاوشێوەییەکی زۆر لە نێوانیانداهەیە، بەڵام لە هەندێ لایەنی کرداری و شێوازی تاقیکاری و پرۆسەی پێوانکاریدا جیاوازن.

دەرەنجامی هەر چوار توێژینەوەکە ئاماژەیان بە بوونی توانستە عەقڵیەکان لای منداڵانی پێش تەمەنی ٦ساڵی کردووە، واتە قۆناغی منداڵی پێشوەختە، بەڵام سەبارەت بە هەنگاوەکان و ساڵانی گەشەکردنی توانستەعەقڵیەکان لای منداڵان لە تەمەنی پێش جوونە قوتابخانەدا تا ڕادەیەک جیاوازی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت. سەبارەت بە تیۆری عەقڵ (Theory of Mind) یش هەر چوار توێژینەوەکە بە گشتی جەختیان لەسەر گەشەی هێواش و هەنگاو بەهەنگاوی تیۆری عەقڵ لە قۆناغی منداڵی پێشوەختەدا کردووە، واتە لە ساتەوەختی لە دایک بوون تا تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە.

هەر چوار توێژینەوەکە هاوڕان لەسەر بابەتی هەبوونی توانستی عەقڵی بەدیهی- دوورەسۆسەیی لای منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە کە یارمەتیدەرن لە گەشەکردنی تیۆری عەقڵ، بەڵام سەبارەت بە هەنگاو و قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنی تیۆری عەقڵ لە ساتەوختی لە دایک بوون تا تەمەنی ٦ ساڵی، تا ڕادەیەک جیاوازن و هەریەکەیان بە جۆرێک بەڵگەی بۆ زانیاری و بۆچوونەکانی هێناوەتەوە. پوختەی ئەنجامی هەر چوار تویژینەوەکە ئامژەیان بە بوونی ٣ قۆناغ لە دەرکەوتنی

تیۆری عەقڵ کردووە: قۆناغی یەکەم لە نێوان تەمەنی (0 تاکو2 )ساڵی دایەو تیادا تێبینی بوونی جۆرێك لە توانستی عەقڵی بەدیهی لە رێگای جوڵەو کرداری بێ ئاخاوتن و قسەکردنەوە دەکرێت، قۆناغی دووەم لە نێوان تەمەنی(3 تاکو 5) ساڵی دایەو تیایدا تێبینی گواستنەوە بەرەو بەکارهێنانی ووشە هەستیەکان لە جیاتی کردار دەکرێت، قوناغی سێیەمیشیان لە نێوان (5 تاکو 6) ساڵی دایەو کوتایی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانەیە تیایدا تێبینی دەرکەوتنی توانستی عەقڵی و گەشەکردنی توانستە بەدیهیەکان دەکرێت کە یارمەتیدەرن بۆ دەرکەوتنی تیۆری عەقڵ، دواتر لە رێگای چوونە قوتابخانەوە تیۆرەکە پتەوترو دامەزراوتر دەبێت.

لەگەڵ ئەوەی هەر چوار توێژینەوەکەجەختیان لەسەر توانستە عەقڵیەکانی منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە کردووە،بەڵام کەم تا زۆر ئاماژەیەکی ئەوتۆیان بە ئاستی فێربوون و وەرگرتن و پاراستنی توانستە عەقڵی و ژیرییەکانی منداڵان لە قوناغەکانی دواتری ئەو تەمەنە نەکردووە،بۆ نموونە نیشاندانی جیاوازی گەشەی عەقلی و ئاستی وەرگرتنی توانستە عەقلی و ژیرییەکانی قۆناغی منداڵی لەگەل قۆناغی منداڵی دواکەوتوو و هەرزەکاری پێشوەخت.

٣.١. گفتوگۆو شرۆڤەکردنی ئەنجامەکان

بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی چوار توێژینەوەکەو ئەو ئەنجامانەی کە لە لێکۆلینەوە لە بابەتی توانستە عەقڵیەکان لە ڕوانگەی تیۆری عەقڵ بەدەستیان هێناوە، لە هێڵە سەرەکیەکانی لێکۆڵینەوەیاندا تێبینی لێکچوون و هاوشێوەیی و هاودەنگیەکی زۆر لە نێوانیادا دەکرێت، بەڵام لە وردەکاری دەربارەی هەندێ لایەنی بابەتەکە تا ڕادەیەک جیاوازن، هەر چوار توێژینەوەکە هەوڵیان داوە وەڵامی زۆرێک لەو پرسیارانە بدەنەوە کە پەیوەستن بە بابەتەکەوە، بەڵام کرۆکی توێژینەوەکانیان و دەرەنجام وهەوڵدان بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارەکانیان چەندین پرسیاری تری دەربارەی بابەتەکە دروست کردووە.

پولان دوبوا (Poulin-Dubois,1999) لە توێژینەوەکەیدا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە بنچینەکانی تیۆری عەقڵ نموونەی تاقیکاریەکی خستۆتەڕوو تیایدا لە عەقڵی منداڵ و گەشەی توانستە عەقڵیەکانی منداڵانی کۆڵیوەتەوە، تیادا دەری خستووە دۆخی دەروونی و عەقڵی منداڵی شیرەخۆر هەر لە سەرەتای (12) مانگیەوە دەست پی دەکات و منداڵ لەو تەمەنەوە درك بە حەزو سۆزی بەرامبەرەکەی دەکات، بەڵام لەم قۆناغەدا دۆخەعەقڵی و دەروونیەکەی پێ نەگەیشتووەو ناتوانێت شتەکان لە یەکتری جیا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکاتەوە، بەڵکو لە تەمەنی دوو ساڵیەوە وردە وردە دەتوانێت گوزارشت لە باری دەروونی خوی بکات. ئەو ئەنجامەشی تا ڕادەیەک لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکەی (Nadel,1999) یەک دەگرێتەوە، جگە لەوە چەندین توێژینەوەی تری وەک ( Repacholi,1998; Wellman & Bartsch,1994; baldwin& Moses,1994) ئاماژەیان بە هەمان ئەنجام یان ئەنجامی نزیک و هاوشێوە کردووە.

نادێل(Nadel,1999) لە توێژینەوەکەیدا لە پرسی مەرجە پێویستەکانی تیۆری عەقڵی لە سەرەتاکانی تەمەن لای منداڵ و ئاژەڵانی تر کۆڵیوەتەوە،لەجەخت کەدن لەسەر دەرکەوتنی تیۆری عەقڵ لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا تا ڕادەیەک هاوڕایە لەگەڵ بۆچوون و ئەو دەرەنجامانەی کە (Poulin-Dubois,1999) لە توێژینەوکەیدا سەبارەت بە لێکۆڵینەوە بنچینەکانی تیۆری عەقڵ بە دەستی هێناوە، بەڵام لە تێڕوانین لە تیۆری عەقڵ و ئەو تاقیکردنەوانەی کە بە مەبەستی لیکۆڵینەوە لە تیۆری عەقڵ لەسەر ئاژەلان ئەنجام دراون دیدو تێروانینیکی جیاوازی هەیە، لە توێژینەوەکەیدا تیۆری عەقڵ (Théorie de l'esprit)ی داوەتە بەر ڕەخنەو پێی وایە گەشەکردنی باری دەروونی و عەقڵی مەرجی پێویست و تایبەتی خوی هەیەو بڕوای وایە ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر ئاژەڵان و منالانێك کە لەباری شکستی دەروونی دا بوونە ئەنجام دراون دەرەنجامی زانستی ڕاست و دروستیان نیە، چونکە لە لێکۆلینەوەدا بە گرنگیدان بە زمان و پرۆسە ناوەکیەکان تەنها جەختیان لەسەر ڕەفتاری دەرەکی کاراکتەری نموونەی توێژینەوە کردووە، بۆ نموونە درۆکردن و پێدانی زانیاری هەڵە بە بەرامبەر، بۆیە جەختی لەسەر تیۆری عەقڵی ناوەکی (Implicit theory of mind) کردووە، بەو پێیەی منداڵ بە پشت بەستن بەو شتانەی کە دەیانبینێت و لێیان دەڕوانێت زانیاریەکانی بنیات دەنێت،ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی تویژینەوەکانی( Heyes,1998;Meins,Fernyhough,Wainwright,Das Gupta,Fradley, & Tuckey, 2002; Happe, Ehlers, Fletcher, Frith, Johansson, Gillberg & Frith, 1996; Lurz, & Krachun,2019) یەک دەگرێتەوە. بەڵام لێردا پرسیارێکی تر سەردەردێنێت، ئەویش ئەوەیە کە ئایا نابیناکان و ئەو کەسانەی کە گرفتی چاویان هەیە لەسەر چ بنەمایەك توانستە عەقڵیەکانیان بەدی دێنن و بنیاتی دەنێن؟! ئەمەش یەکێکی ترە لەو پرسیارانەی کە پێویستی بە وەڵامدانەوە هەیە.

نادێل (Nadel,1999) لە لێکۆڵینەوە لە تیۆری عەقڵدا جەختی لەسەر گرنگیدان بە زمان کردووەو ئەو دەرەنجامانەش کە لە تویژینەوەکەیدا خستوویەتەڕوو لەسەر ئەو بنەمایە بە دەستی هێناون، لەوەشیاندا هاوڕایە لەگەڵ(Baron_Cohen,1989 ;Baron-Cohen,1991) کە پێی وایە ئەگەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیۆرییەکی زمانەوانی هەبێت، سەرەرای نەبوونی زمان دەشێت زانیاری گرنگ سەبارەت بە تیۆری عەقڵ بەدەست بهێنرێت و توانستەکانی بینینیشی کلیلی بەهێز بۆ گەیشتن بە دۆخە عەقڵیەکان داناوە. هەروەها نادێل (Nadel,1999) لە توێژینەوەکەیدا پشتگیری گریمانەی بوونی پێشینەکانی تیۆری عەقڵی کردووە، بۆیە هاوڕایە لەگەڵ (Kugiumutzakis,1993; Meltzoff & Moore,1999) کە پێیان وایە توانستە عەقڵیەکانی پێشبینی کردن و لاسایی کردنەوە بریتین لە پێشینەکانی تیۆری عەقل لە ساتی لەدایك بوونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا توێژەر جەختی لەسەر ناتەواوی دەرەنجامی توێژینەوەکان کردووەو پێی وایە لەسەر ئەم بابەتە ئەنجامی تەواویان بەدەست نەداوە.

بوشاند و کارۆن(Bouchand & Caron,1999) لە لێکۆڵینەوە لە پرۆسە عەقڵیەکان لە ڕوانگەی تیۆری عەقڵ، پرۆسە عەقڵیەکانیان بەسەر دوو جۆردا دابەش کردووە، یەکەمیان ئەو پرۆسە عەقڵیانەن کە لە تەمەنی تەمەنی(3-4) ساڵە، منداڵان لە ڕێگەی ڕەفتارو هەڵس و کەوتەوە وەری دەگرن و فێری دەبن، دووەمیان ئەوانەن کە منداڵان لە تەمەنی (4-5) ساڵە لە ڕێگەی قسەی مەبەستدار وەری دەگرن، لە توێژینەوەکەیاندا نموونەی تاقیکردنەوەیەکیان لەسەر گرووپێکی منداڵانی تەمەن(3-6) ساڵ پێشکەش کردووە کە تیایدا کارامەییەکانی منداڵانیان لە بوارە جیا جیاکانی پەیوەندار بە لایەنی عەقڵیەوە هەڵسەنگاندووە، دەرەنجامی توێژینەوەکە ئاماژەی بە دەرکەوتنی توانستە عەقڵیەکان لە تەمەنی ٣ساڵیدا کردووە، بە جۆرێک منداڵان لەو تەمەنەدا دەتوانن شتەکانی دەوروبەریان لەیەکترجیا بکەنەوە، ئەو ئەنجامەش پشت ئەستوورە بە ئەنجامی چەندین توێژینەوەی تر، لەناویاندا توێژینەوەکانی (Guerry & Caron,1993; Fauconnier,1984; Fauconnier,1991).

فلاڤێل و ئۆدۆنێل و میلۆت (Flavell, O'Donnell &Melot,1999) لە توێژینەوەکەیاندا لە گەشەی زانینی دوورەسۆسەیی سەبارەت بە توانستە عەقڵیەکانی مندڵانی پێش چوونە قوتابخانەیان لە ڕوانگەی تیۆری عەقل کۆڵیوەتەوە، ئەنجامی توێژینەوەکە دەری خستووە کە منداڵان لە تەمەنی نێوان (3-5)ساڵە، واتە پێش چوونیان بۆ قوتابخانە ئاستی وەرگرتن و بیرکردنەوەو لێکدانەوەیان لە پرۆسە عەقڵیەکان لاوازو سنووردارە، لە زۆرەبەی کاتدا زانیاریەکان بە شێوەیەکی پچر پچر وەر دەگرن و دەیان ئاخنن، یاخود ناتوانن لە یەك کاتدا بیر لە دوو شت بکەنەوە. هەروەها جەختیان لەسەر ڕۆڵی قوتابخانە وەك دامەزراوەیەکی مەعریفی و ڕۆشنبیری کردووە کە یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی منداڵ بەشێوەیەکی باشترو ڕیکخراوتر زانیاریەکان وەربگرێت و لە یادگادا هەڵیان بگرێت و بیان پارێزێت،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم ئەنجامەش هاوجووت یان نزیکە لە چەندین ئەنجامی چەندین توێژینەوەی تر، لە ناویاندا توێژینەوەکانی (Mitchell,1997; Estes,1998) کە جەختیان لەسەر کاریگەری گەورەی قوتابخانە لە سەر کەسایەتی و گەشەی عەقڵی و دەروونی منداڵ کردووە.

هەر چوار توێژینەوەکە بە گشتی هاوڕان لەسەر دەرکەوتنی توانستەعەقڵیەکانی منداڵان لە ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵان وهەر لەو تەمەنەدا گەشەی زیرەکیان بە خێرایی دەست پی دەکات، ئەم بۆچوونەش لە چەندین توێژینەوەی تر پشتڕاست کراوەتەوە، لە وانە توێژینەوەکانی ( Archambault & Venet,2007; Charras, Depeau, Wiss, Lebihain, Brizard, Bronsard, 2012; Fonagy,2001;Muel-Dreyfus,1975)، بەڵام ئاماژەیان بە سروشتی گەشەی توانستە عەقڵیەکان و ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەو قۆناغی تەمەنی چوونە قوتابخانەو دوای چوونە قوتابخانە ڕوودەدەن وەک بەرچاو ڕوونیەک بۆ خوێنەر نەکردووە، لەوەی کاتێ منداڵ پێ دەنێتە قۆناغی منداڵی پاشوەختەو سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری یان هەرزەکاری پێشوەختە پرۆسەی گەشەی عەقڵ و توانستەعەقڵیەکان و زیرەکی لەو قۆناغانەدا چەند گۆڕانکاریەک بەخۆوە دەبینێت کە تاڕادەیەک جیاوازە لە قۆناغەکانی پێشوتری ماوەی دوای لەدایک بوون و منداڵی پێشوەختە( Gardner,1997; Oubrayrie,Lescarret & De Léonardis,1996; Haesevoets,2016; Grégoire,2009)، بۆ نموونە لە قۆناغی هەرزەکاریدا توانستە عەقڵیەکانی بە خێرایی گەشە دەکەن بەڵام گەشە کردنی زیرەکی کەم دەبێتەوەو هەمان خێرایی قۆناغی منداڵی نامێنێت، بەڵکو توانستە عەقڵی و ژیرییە تایبەتەکانی زیاتر گەشە دەکەن، لەم قۆناغەدا توانستە میکانیکیەکان و ژمێرەییەکان و هونەریەکان و شوێنیەکان و چەندین توانستی تر سەر هەڵدەدەن و بە تەواوی گەشە دەکەن کە ڕەنگدانەوەی ئاشکرایان لەسەر بیرکردنەوەو ڕەفتارو هەڵس و کەوتی هەرزەکار دەبێت و یارمەتیدەر دەبن بۆ خۆ گونجاندنی لەگەڵ ژینگەی ئاڵۆز و گۆڕانکاریەکانی ژیانی نوێ.

## ٣.٢. دەرەنجام

هەر چوار توێژینەوەکە کۆکن لەسەر دەرکەوتنی توانستە عەقڵیەکانی منداڵانی تەمەن خوار شەش ساڵە، واتە تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە، بەڵام جیاوازن لەسەر دەرکەوتن و گەشەکردنی توانستەکان لەم ساڵانەدا، واتە تەمەنی(1-5) ساڵی منداڵان, ئەمە لەکاتێکدا ئاماژەیەکی ڕوون یان تەواویان بە

دەرکەوتنی توانستە عەقڵیەکانی دوای قوناغی منداڵی ومنداڵی دواکەوتوو و سەرەتای هەرزەکاری واتا هەزەکاری پێشوەختە نەکردووە، بەو پێیەی هەر قۆناغێک درێژکراوەی قۆناغی پێش خۆیەتی و هەر پرۆسەیەکیش کە لە هەر قۆناغێکدا ڕوو دەدات یان زیاتر گەشە دەکات و بەرەو پێشەوە دەچێت، یانیش دەپوکێتەوەو نامێنێت، بەو مانایە ئاماژەکردن بە قۆناغەکانی دواتری ئەو تەمەنە کارێکی پێویستە بۆ دەرخستنی جیاوازی دەرکەوتن و گەشەکردنی توانستە عەقڵیەکان لە نێوان هەردوو قۆناغەکەدا.

ئەنجامی هەرچوار توێژینەوەکە ئاماژەیان بە بوونی کۆمەڵێک توانستی بەرایی کردووە، لە وانە توانستی دوورە سۆسەسەیی لای منداڵانی تەمەنی پێش چوونە قوتابخانە وەک ئاماژەیەک بە دەرکەوتنی پێش وەختەی تیۆری عەقڵ نەک دەرکەوتنی تیۆری عەقڵ بە شێوەیەکی کامڵ و تەواو لەو قۆناغەدا.

ئەنجامی هەرچوار توێژینەوەکە جەختیان لەسەر بەستنەوەی تیۆری عەقڵ و بەدەستهێنان و بەرجەستەبوونی تیۆرەکە بە چوونە قوتابخانە کردووە، بەڵام ئەو ئەنجامانە چەند پرسیارێکی گرنگ دێننە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر منداڵێک نەچووبێتە قوتابخانە،یان منداڵێک پێش تەمەنی ٦ساڵی چووبێتە قوتابخانە دۆخەکە چۆن دەبێت و چی ڕوودەدات؟، یان لەو سەردەمەی تەکنۆلۆژیاو ئامرازی پەیوەندیکردنی تازەو نوێیدا کە چەندین هۆکارو ئامرازی جۆراوجۆر هاتۆتە ئاراوەو کاریگەری ئاشکرایان بەسەر گەشەی عەقڵی و زیرەکی و هزرو بیری منداڵ هەیە، گەشەی توانستە عەقلیەکانی منداڵانی پێش قوتابخانە چۆن هەڵدەسەنگێندرێت؟! ئەمانە کۆمەڵێك پرسیاری گرنگن بۆ توێژەرانی دەروونزانی بە تایبەت بواری لێکۆڵینەوە لە توانستە عەقڵیەکان و تیۆری عەقڵ کە پێویستیان بە وەڵامدانەوە هەیەو بابەتی تیۆری عەقڵ و دەرکەوتن و گەشەکردنی تیۆرکەش پێویستی بەشیکردنەوەو لێکدانەوەو لێکۆلینەوەی زیاتر هەیە.

## سەرچاوەکان:

سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

الإمام،محمد صالح و الجوالدة،فؤاد عيد.(2010). التوحد ونظرية العقل،سلسلة نظرية العقل في التربية الخاصة (4)، ط1، عمان، دار الثقافة للنشر والتوزيع.

أبو مغلي،لينا.(٢٠١٢ ).نظرية العقل والتفكير التباعدي، بحوث: المجلة التربوية ، كلية التربية ، جامعة سوهاج العدد (٣١)، يناير ٢٠١٢ .

خطاب، رأفت عوض السعيد.(٢٠١٢ ).فاعلية برنامج تدريبي يقوم على مفاهيم نظرية العقل لتنمية التواصل الاجتماعي في اتطوير مهارات التفاعل الاجتماعي لدى الاطفال التوحديين،مجلة اللارشاد النفسي،العدد ٣٠ -يناير ٢٠١٢ ،جامعة جازان، مركز الارشاد النفسي.

رانيا،عبدالله دراز عبداله.(2020).فاعلية برنامج تدريبى قائم على العلاج المعرفى السلوكى فى تحسين الأداء على مهام نظرية العقل لدى الأطفال المعاقين سمعيا." مجلة كلية التربية. بنها 31.122 أبريل ج3 (2020): 569-588.

زغيش، وردة. (٢٠١٣ ). صعوبات الإتصال اللفظي و علاقاتها بالقدرة على القراءة الذهنية (نظرية العقل)، أطروحة الدكتوراه، جامعةأبو القاسم سعد الله الجزائر 2.

زهرة، يوب. (2016). نظرية العقل عند الأطفال المصابين بالتوحد: دراسة ميدانية في ضوء بعض المتغيرات، مجلــة الحقيقة للعلوم االجتماعية واالنسانية،المجلد: 18 / العدد: 03 / السنة: 2019، ص ص: 225-242.

علي،طلعت أحمد حسن.(٢٠١١ ).فعالية برنامج إرشادى فى تنمية القدرة على التمييز الانفعالى بصريا فى ضوء نظرية العقل،دراسات عربية في التربية وعلم النفس (ASEP)، المجلد الخامس،العدد الثاني،مارس(2011): ٧٣-١٠٧.

مجموعة من المؤلفين.(2005).موسوعة علم النفس للتربية والتعليم،علم النفس الشامل،ج1، بيروت،اديتو كريبس انترناشيونال-Edito creps international

مخن، سامية و الشايب، محمد الساسي.(٢٠١٥).القدرة على التفكير الابتكاري : قراءة مفاهيمية، مجلة الباحث في العلوم الإنسانية و الاجتماعية، المجلد 2015، العدد 21 ، ص ص. 47-58، الجزائر،جامعة قاصدي مرباح ورقلة.

هويدي، محمد عبدالحسين.(٢٠٠١ ).تطبيقات " نظرية العقل " في تفسير اضطراب التوحد، جمعية المعاقين بالمنطقة الشرقية، الدمام،جامعة الخليج العربي بالبحرين،إبريل ٢٠٠١ ،ص.ص(116 - 143).

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی:

Astington, J., & Barriault, T. (2001): Children's theory of mind: How young children come to understand that people have thoughts and feelings. Infants and Young Children,13(3):1-12.

Baldwin, D. A., & Moses, L. J. (1994). Early understanding of referential intent and attentional focus: Evidence from language and emotion. Children's early understanding of mind: Origins and development, 133-156.

Baron-Cohen, S. (1991). Precursors to a theory of mind: Understanding attention in others. Natural theories of mind: Evolution, development and simulation of everyday mindreading, 1, 233-251.

Baron-Cohen, S. (1989). The autistic child's theory of mind: A case of specific developmental delay. Journal of child Psychology and Psychiatry, 30(2), 285-297.

Doherty, M. (2009). Theory of mind. How Children Understand Others' Thoughts and Feelings, Hove (East Sussex).

Estes, D. (1998). Young children's awareness of their mental activity: The case of mental rotation. Child development, 69(5), 1345-1360.

Goldman, A. I. (2012). Theory of mind. The Oxford handbook of philosophy of cognitive science, 1.

Guerry, M., & Caron, J. (1993). Effect of mental verbs on text comprehension: Evidence for «embedded» representations in memory. In Workshop «Memory and mental representations», Rome (pp. 23-24).

Hale, C. M. (2002). Social communication in children with autism: The role of theory of mind in discourse development (Doctoral dissertation, University of Massachusetts Boston).

Happé, F. (2003). Theory of mind and the self. Annals of the New York Academy of Sciences, 1001(1), 134-144.

Happe, F., Ehlers, S., Fletcher, P., Frith, U., Johansson, M., Gillberg, C., ... & Frith, C. (1996). 'Theory of mind'in the brain. Evidence from a PET scan study of Asperger syndrome. Neuroreport, 8(1), 197-201.

Hughes, C., & Ensor, R. (2007). Executive function and theory of mind: predictive relations from ages 2 to 4. Dev. Psychol. 43, 1447–1459.

Heyes, C. M. (1998). Theory of mind in nonhuman primates. Behavioral and brain sciences, 21(1), 101-114.

Keskin, B. (2005). Relationship Between Theory of Mind, Symbolic Transformations in Pretend Play, and Children's Social Competence.

Kugiumutzakis, G. (1993). Intersubjective vocal imitation in early mother-infant interaction. In J. Nadel & L. Camaioni (Eds), New perspectives in early communicative development (p. 23-47). London : Routledge.

Lundy, J. E. B. (2000). The relationship of theory of mind to language variables and age of identification of congenital hearing loss in deaf children. University of Northern Colorado.

Lurz, R., & Krachun, C. (2019). Experience-projection methods in theory-of-mind research: Their limits and strengths. Current Directions in Psychological Science, 28(5), 456-462.

Love, J. A. (2007). Theory of mind ability in the preadolescent language broker: Connections between language brokering, social cognition, and academic achievement (Doctoral dissertation, Claremont Graduate University).

Marschark, M., Green, V., Hindmarsh, G., & Walker, S. (2000). Understanding theory of mind in children who are deaf. Journal of Child Psychology and Psychiatry, 41(8), 1067-1073.

Meins, E., Fernyhough, C., Wainwright, R., Das Gupta, M., Fradley, E., & Tuckey, M. (2002). Maternal mind–mindedness and attachment security as predictors of theory of mind understanding. Child development, 73(6), 1715-1726.

Meltzoff, A. N., & Moore, M. K. (1999). Persons and representation: Why infant imitation is important for theories of human development.

Mitchell, P. (1997). Introduction to theory of mind: Children, autism and apes. Edward Arnold Publishers.

Moor, C., & Frue, D. )1991(. Children S Theories of Mind Mental States and Social Understanding. Hillsdale, NJ: Lawrence Erlbaum Associates, Inc.

Premack, D., & Woodruff, G. (1978). Does the chimpanzee have a theory of mind?. Behavioral and brain sciences, 1(4), 515-526.

Repacholi, B. M. (1998). Infants' use of attentional cues to identify the referent of another person's emotional expression. Developmental psychology, 34(5), 1017.

Swettenham, J. G. (1996). What's inside someone's head? Conceiving of the mind as a camera helps children with autism acquire an alternative to a theory of mind. Cognitive Neuropsychiatry, 1(1), 73-88.

Wellman, H. M., & Bartsch, K. (1994). Before belief: Children’s early psychological theory.Children’s early understanding of mind: Origins and development, 1994, 331-354.

Woodburn, E. M. (2008). The social aspects of learning: The role of theory of mind, children's understanding of teaching and social-behavioral competence in school readiness (Doctoral dissertation, University of Pennsylvania).

سەرچاوەکان بە زمانی فەرەنسی:

Archambault, A., & Venet, M. (2007). Le développement de l’imagination selon Piaget et Vygotsky: d’un acte spontané à une activité consciente. Revue des sciences de l'éducation, 33(1), 5-24.

Beaudoin, C. (2017). Comment évaluer la théorie de l’esprit? Revue systématique des outils d’évaluation destinés aux enfants d’âge préscolaire.

Bouchand, J., & Caron, J. (1999). Production de verbes mentaux et acquisition d'une théorie de l'esprit. Enfance, 52(3), 225-237.

Charras, K., Depeau, S., Wiss, M., Lebihain, L., Brizard, Y., & Bronsard, G. (2012). L'enfance et l'adolescence in situ: facteurs environnementaux facilitateurs et inhibiteurs de troubles cognitifs et comportementaux. Pratiques psychologiques, 18(4), 353-372.

Chamboredon, J. C., & Prévot, J. (1973). Le" métier d'enfant": Définition sociale de la prime enfance et fonctions différentielles de l'école maternelle. Revue française de sociologie, 295-335.

Deleau, M., Guehenneuc, K., Le Sourn, S., & Ricard, M. (1999). Clairvoyance conversationnelle et théorie de l'esprit. Enfance, 52(3), 238-247.

Élie, F., Guerry, B., Lacroix, D., Lucaud, P., Nestel, C., Picard-Limpens, C., & Viéville,

T. (2010). Est-il besoin de savoir programmer pour comprendre les fondements de l'informatique ou utiliser les logiciels?. Revue de l'EPI (Enseignement Public et Informatique), 11.

Fauconnier, G. (1984). Espaces mentaux. Paris : Éditions de Minuit.

Fauconnier, G. (1991). Subdivision cognitive. Communications, 53, 229-248.

Flavell, J., O'Donnell, A., & Melot, A. M. (1999). Le développement de savoirs intuitifs à propos des expériences mentales. Enfance, 52(3), 267-276.

Fonagy, P. (2001). Développement de la psychopathologie de l'enfance à l'âge adulte: le mystérieux déploiement des troubles dans le temps. La psychiatrie de l'enfant, 44(2), 333-369.

Gardner, H. (1997). Formes de l'intelligence (Les). Odile Jacob.

Gombert, A., Bernat, V., & Roussey, J. Y. (2016). Albums de jeunesse pour le développement d'une théorie de l'esprit. Enfance, (3), 329-345.

Grégoire, J. (2009). L'examen clinique de l'intelligence de l'enfant: fondements et pratique du WISC-IV (No. 2). Editions Mardaga.

Haesevoets, Y. H. (2016). Traumatismes de l'enfance et de l'adolescence. De Boeck Supérieur.

Larzul, S. (2010). Le rôle du développement des théories de l'esprit dans l'adaptation sociale et la réussite à l'école des enfants de 4 à 6 ans (Doctoral dissertation, Université Rennes 2; Université Européenne de Bretagne).

Psychomedia,.( 2012). Mentalisation, consulté le 24 Décembre, 2014.En ligne http://www.psychomedia.qc.ca/lexique/definition/mentalisation

Muel-Dreyfus, F. (1975). L'école obligatoire et l'invention de l'enfance anormale. Actes de la recherche en sciences sociales, 1(1), 60-74.

Nadel, J. (1999). Théorie de l'esprit: la question des conditions nécessaires. Enfance, 52(3), 277-284.

Oubrayrie, N., Lescarret, O., & De Léonardis, M. (1996). Le contrôle psychologique et l'évaluation de soi de l'enfance à l'adolescence. Enfance, 49(3), 383-403.

Poulin-Dubois, D. (1999). Les précurseurs d'une théorie de l'esprit dans la première enfance: mythes et réalités. Enfance, 52(3), 322-326.
Renouf, A. (2009). La théorie de l'esprit à la petite enfance en lien avec les comportements agressifs manifestés à la maternelle.

# The Development of Mental Capacity in Preschool Children with regard to the Theory of Mind

**Ferman Hasan**
Department of Psychology, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq
farman.aula@soran.edu.iq

***Keywords:*** *Mental development, Mental abilities, Theory of mind ,Preschool age, Mental prosess*

## Abstract:

This research attempted to investigate the growth and development of mental abilities in pre-school children from the viewpoint of the theory of mind. The aim of the study is to find out the nature of mental development and mental abilities of pre-school children. This research is based on the descriptive and qualitative approach and the method of content analysis to review and compare four research studies related to the relationship of mental abilities development in preschool children in terms of theory of mind. The results of this research indicate the emergence of mental abilities and theory of mind in the preschool period according to three stages, the first stage (0-1) years, the second stage (3-5) years, and the third stage (5-6) years , in some way in each of the three stages there is a clear growth and development of mental abilities which helps to manifest the theory of mind. This study refers to the emergence of mental abilities before the age of six and the impact of school and the school environment in achieving and embodying the theory of mind at that stage.

-----------------------------------------------------------

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (8) – ژمارە (2)، بەهار 2023

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# تنمية القدرات العقلية لدى الأطفال ما قبل المدرسة فيما يتعلق بنظرية العقل


## ملخص:

حاولت هذه الدراسة التحقيق في نمو و تطور القدرات العقلية لدى الأطفال ما قبل المدرسة من وجهة نظر نظرية العقل.أن الهدف من الدراسة معرفة طبيعة النمو العقلي والقدرات العقلية للأطفال في مرحلة ما قبل المدرسة. إعتمدت الدراسة على المنهج الوصفى والنوعى وطريقة تحليل المحتوى للمراجعة والمقارنة بين أربعة أبحاث تتعلق بعلاقة نمو القدرات العقلية لدى الأطفال ما قبل المدرسة من حيث نظرية العقل. توصلت الدراسة الى مجموعة من النتائج من اهمه ظهور القدرات العقلية ونظرية العقل في فترة ما قبل المدرسة وفقا لثلاث مراحل،استغرق الامر المرحلة الأولى (٠-١) سنة، والمرحلة الثانية (٣-٥ )سنة، والمرحلة الثالثة (٥-٦ ) سنة، بطريقة ما في كل مرحلة من ثلاث مراحل هناك نمو وتطور واضح للقدرات العقلية مما يساعد على إظهار نظرية العقل. وفي الختام تشير الدراسة إلى ظهور القدرات العقلية قبل سن السادسة من العمر وتأثير المدرسة و بيئة المدرسية في تحقيق وتجسيد نظرية العقل في تلك المرحلة.